گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 11–21, Mar.-2018*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# پۆلگۆڕینی مۆرفێمەکان لە زمانی کوردیدا

**شیروان حسین حمد**
بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی ڕاپەڕین ، هەرێمی کوردستان – عێراق (sherwan983@raparinuni.org)

وەرگرتن:2017/11 پەسەندکرن: 2018/03 بەلاڤکرن: 2018/03 *https://doi.org/10.26436/2018.6.1.543*

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پۆلگۆڕینی مۆرفێمەکان لە زمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و ناساندنی دیاردەی پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردیدا، ئەم دیاردەیە بەجێهێشتنی پۆلێکی مۆرفێمە بۆ پۆلێکی تر. کە تێیدا ڕێبازی وەسفی – مێژووی بەکارهاتووە .

وێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ دوو بەش: بەشی یەکەم باس لە ناساندنی دیاردەی پۆلگۆڕین و گۆڕینی پۆل لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمی بەند دەکات، کە لە چوارچێوەی دیاردەی بەگیرەك بوون و بەسەربەخۆ بوون باس دەکرێت .

لە بەشی دووەمدا پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی مۆرفێمی فەرهەنگی و مۆرفێمی ڕێزمانی خراوەتەروو، کە لەچوارچێوەی هەردوو دیاردی بەفەرهەنگبوون و بەڕێزمانیبوون باس کراون. لە گەڵ شیکردنەوەی نموونە و بەڵگە بۆ دیاردەکان. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەروو

**پەیڤێن سەرەکی:** بەفەرهەنگبوون، بەڕیزمانیبوون، بەگیرەك بوون، بەسەربەخۆبوون.

## 1. پێشەکی

هەرچەندە سنوری نێوان زانستەکان و لقە زانستەکانیش جیاکراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە هەندێ لاوە تێکەڵاو دەبن و دەچرژێنە ناو یەکترییەوە، لەنێو هەر زانستێکیشدا بەپێی تێڕوانین و پۆلێنبەندییەکان چەند ئاست و لقێك یان وەچە لقێك جیاکراونەتەوە، بەڵام هێشتا لەنێوانیاندا سنورێکی هاوبەش هەر هەیە .زمانناسی وەك زانستێك لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەکان زانستێکی سەربەخۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ زانستەکانی تریشدا هەیە، هەربۆیەش زانستەکانی وەکو زمانەوانی کۆمەڵایەتی‌و زمانەوانی دەروونی‌و زمانەوانی دەماری ...... هتد. سەریان هەڵداوە .

خودی زانستی زمانیش بۆ ئاسانی توێژینەوەو پۆلێنبەندکردنی بەپێی سروشتی ئاست و دانەکانیان کراوەتە چەند ئاستێك (فۆنەتیك، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك، پراگماتیك)، بەڵام ئەو هێڵەی لە نێوان ئاستەکاندا دانراوە زۆر تۆکمە نییە، بۆیە تێکەڵ دەبن، و لەو ئەنجامەشدا مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆپراگماتیك‌و مۆرفۆفۆنێم، مۆرفۆسیماتیك.....هتد. سەریان هەڵداوە، لەنێو هەر یەکێك لەم ئاستانەشدا، چەند دانەیەك ناسێنراون و هەریەك لە دانەکانیش بۆ چەند چەشن و وەچە چەشنێك پۆلێن کراون، بەڵام ئەم سنورەش دیسان زۆر تۆکمەو بەهێز نییە، بۆیە هەر دانەیەك زۆرجار لەنێوان دوو جۆرو چەشنی جیاواز جێدەکرێتەوە. یان بەپێی گەشەی زمانیی لەجۆرێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ جۆرێکی تر .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ پۆلگۆڕینی مۆرفێمەکان تەرخانکراوە، مۆرفێم وەك دانەیەکی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆژی بە درێژایی دەرکەوتنی لەنێو زمانەوانیدا چەندین پۆلێنی جیاجیای بۆ کراوە و جۆرەکانی لەسەر بنەمای جۆراوجۆر جیاکراونەتەوە. بەڵام لەنێوان ئەم جۆرانەی مۆرفێم هێڵێکی تۆکمە نییەو پەرینەوەی زۆر دەبینرێت لە چەشنێکەوە بۆ چەشنێکی تر. بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان ئەم دیاردەیە دەکاتە کەرەستەی توێژینەوە .

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پۆلگۆڕینی مۆرفێمەکان لەزمانی کوردیدا)، هەوڵ دەدات ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردی و بە کەرەستەی کرمانجی ناوەڕاست شیبکاتەوە.. گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئایا دەشێت مۆرفێم لە پۆلێکەوە بچێتە پۆلێکی تر، واتە جۆرەکەی گۆڕانی بەسەردابێت بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان. لە چوارچێوەی دو بەشدا ئەم گریمانەیە و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکە و جێکراوەتەوە، بەشی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ پۆلگۆڕین لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند لەگەڵ هەر یەکەیاندا هۆکارەکانی پەرینەوە لە نێوان ئەم دو چەشنەدا باسکراوە، بە چەندین نموونەوە. بەشی دوەم، باس لە پۆلگۆڕین دەکات لە نێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و مۆرفیمی ڕێزمانی. لەو نێوانەشیاندا نمونەی چەندین مۆرفێم خراوەتە ڕوو کە پۆلیان گۆڕیوە. لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەروو .

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەمجارە ئەم دیارەیە لە زمانی کوردیدا لای لێ دەکرێتەوە، بەتایبەتی یەکەیەکی وەکو مۆرفیم، کە کراوەتە یەکەی لێکۆڵینەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بەگرینگی ئەم دانە زمانییەو پەیوەستبونی بە دانەکانی تریشەوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پێڕەوکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی هۆکارکارەکانی پۆلگۆڕین هەندێ جار پەیوەستە بەلایەنی مێژوی و ڕەوتی گەشەو گۆڕان لەزماندا بەناچاری پەنابراوەتە بە ڕێبازی مێژوییش.

## 2. بەشی یەکەم: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند دا

لەم بەشەدا بەرلەوەی بێنە سەر خودی ئەو باتەی، کە جێگە مەبەستی بەشەکەمانە، سەرەتا لە خودی دیاردەکەو سنور و چوارچێوەکەی بە شێوەکی گشتی دەدوێن، دواتر هەردو ئاراستەی پۆلگۆڕینەکە (بەبەندبون و بەسەربەخۆبون) شیدەکەینەوە .

### 1.2. پۆلگۆڕین class change چییە؟

گۆڕان دیاردەیەکی هەستپێکراوی هەموی زمانێکە، (هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لەتوانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەمی بکاتەوەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.) (محمد معروف فتاح٢٠١١: ١١٨) زۆرجار لەئەنجامی گۆڕانی هەندێك دانەی زمانیی تەنیا فۆرم ناگۆڕێت، بەڵکو واتاش گۆڕانی بەسەردادێت، ئەمەش وابەستەیە بە دوو جۆرە هۆکار ئەوانیش (هۆکاری نازمانی– دەرەوەی زمان– ، هۆکاری زمانی–ناوەوەی زمان– لەگەڵ بونی هۆکاریش گۆڕانی زمانی وابەستەیە بە یاساو دەستوری دیاریکراوەوە، هەر بەو هۆشەوە دەتوانین پەیوەندی زمانەکان بە زمانی بنچینەوە و بە زمانەکانی ترەوە، کە لەیەك خێزاندان، دیاریبکرێت.)(مهری باقری١٣٨٠: ٩) لەنێو هەر زمانێکیشدا گۆڕان لە تەنیا دانەو ئاستێکدا نییە، بەڵکو (ئاشکرایە کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، ئاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆژی سینتاکس و سیمانتیك، لەهەر ئاستێکیشدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ.) (محمد معروف فتاح٢٠١١: ١١٩) بەم پێیەش هەر دانەیەکی زمانی لەهەر ئاستێکدا بێت، دەبێت چاوەڕێی گۆڕانی لێبکەین. جگەلەوەی دانەی هەر ئاستێك بە چەندین شێوە پۆلێن دەکرێت، بۆ نمونە دانەیەکی وەکو مۆرفیم، کە دانەی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆژییە بە چەندین شێوە پۆلێن کراوە، لەوانە لەڕوی فۆڕم و دەرکەوتن، یان واتاو ئەرك...... لە هەر یەکێك لەم ڕوانگانەشەوە چەندین جۆر و پۆل دیاریکراون، بەڵام لەنێو هەریەك لەم پۆلانەدا سنورێکی تۆکمە نییە، بەواتایەکی تر، زۆرجار گۆڕانەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی کە لە پۆلێکەوە بچێتە پۆلێکی تر.

دانەکانی زمان پۆلێنی جۆراوجۆریان بۆ کراوە دیارترینیان پۆلێنەکەی (نیدا)یە، کە دانە زمانییەکان لە بچوکەوە بۆ گەورە بەشێوەیە دابەش دەکات: (فۆنێم، مۆرفیم، وشە، لێکدان(وشەی لێکدراو، گرێ)، ڕستە)(احمد مختار عمر١٩٨٢: ٣٢) هەریەك لەم دانە زمانیانەش بۆ چەند پۆل و چەشنێك جیاکراونەتەوە، بەنمونە هەر فۆنێمێك دەبێت ڤاوڵ یان کۆنسۆنانت، گڕ یان کپ، لێوەکی، ددانی، لوتی........هتد(بەپێی سازگەی دروستبونیان) پۆل کراون. دانەکانی تریش هەریەکەیان بەپێی سروشت و شێوەی خۆیان پۆل دەکرێن، بەڵام پۆلەکان زۆرجار تێکەڵ دەبن یان سنورێکی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت. بەم پێیە ئەمەش دەبێتە دیاردەیەکی زمانیی، کە لە نێوان پۆلە زمانییەکاندا ڕودەدات، کاتێك کەرەستەیەکی زمانی بەهەر هۆکارێك بێت، لە پۆلێکەوە دەچێتە پۆلێکی تر پێی دەوترێت پۆلگۆڕین. بەو کەرەستە و هۆکارەشی کە دەبێتە هۆی دروستکردن و پەڕینەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر پێی دەوترێت پۆلگۆڕ .

زۆرجار ئەم بازدانە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، ناوێکی هاوبەش لەو دانە زمانییە دەنرێت، کە نە بە تەواوی سەر بە پۆلی یەکەمە نە سەر بە پۆلی دوەمە، بەڵکو هاوبەشە لەنێوان هەردوکیاندا. بەنمونە لە زمانی کوردیدا هەریەك لە زاراوەکانی (نیمچەپێشگر، نیمچەپاشگر، لەلاگرچوو) کە بە بەشێکن لە ئەنجامی پرۆسەکانی زمانگۆڕکی language change واتاگۆڕکیmeaning change دەنگۆڕکێ sound change (محمد مەحوی١٠:٢٠١٠) بەم پێیە ئەمانەش لە ئەنجامی گۆڕانە زمانییەکانەوە سەرهەڵدەدەن. زۆرجاریش ئەم پۆلگۆڕینە بە تەواوەتی دەبێت و پۆلی یەکەم بەجێدەهێڵێت بۆ پۆلی دوەم، کە ئەمە پرۆسەیەکی مێژووییە، پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە. بەڵام دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کارێکی ئەستەم نییە، چونکە بەپێی یاسا زمانییەکان ڕوودەدات و هەڕەمەکی نییە .

جیاکردنەوەی پۆلی وشەکان دەسکەوتێکی گرنگی هەنگاوی یەکەمی سەرهەڵدانی زماننـاسییە، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن قوتابخانەی ڕێزمانی دێرینەوە جۆرەکانی وشە پۆلێن کران، لەسەر دەستی ئەفلاتون، کە وشەکانی پۆلێن کرد بۆ (ناو، کار، ئامراز)(محەمەد ڕەزای باتینی١٩٩٣: ٢٣) دواتر ئەم پۆلێنە فراوانکراو بەشەکانی ئاخاوتن جیاکرانەوە بۆ (هەشت– دە) بەش. هەریەك لەم بەشانەیش سنور و سروشتێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام سەرباری ئەوەش زۆرێك لەبەشەکان بەپێی بەکارهێنان و گەشەو گۆڕانیان دیاردەی پۆلگۆڕییان تێدا بەدی دەکرێت. واتە زۆرجار ئاوڵناو دەچێتە پۆلی ناوەوە، یان چاوگ دەچێتە پۆلی ناو.......هتد. لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ ئەمەبەستە تەرخاننەکراوە، بۆیە هەڵوەستەی لەسەر ناکەین .

## 2.2. پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند:

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە مۆرفێمە لەسەر بنەمای دەرکەوتنە لە دەوروبەری زمانیدا، بەجۆرێك مۆرفێمی سەربەخۆ ئەو فۆرمانەن، کە (بتوانن بەتەنها واتە بەبێ پەیوەندی بە مۆرفێمی تر لە ڕۆناندا سودی لێوەردەگرین، بەتەنها لە شوێنی وشە لەزماندا بەکاردەهێنرێت.)(ویدا شقاقی١٣٨٧: ٦٥) بەم پێیە هەر فۆڕمێکی زمانی، کە بتوانێت واتا یان چەمکێکی ڕێزمانی هەبێت و بەتەنیا ئەم واتا و چەمکە بگەیەنێت، پێی دەوترێت مۆرفێمی سەربەخۆ. لەبەرامبەردا ئەو مۆرفێمانەی کە لە ڕووی دەرکەوتنەوە تواناکەیان وابەستەی مۆرفێمی ترەو (ناتوانن بەتەنها و بەشێوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن، هەمیشە بەمۆرفیمی ترەوە دەلکێن.)(علاءالدين طباطبائي١٣٧٦: ١٠) پێیان دەوترێت مۆرفێمی بەند. کە ئەوانیش بەپێی سروشتی دەرکەوتنیان لەسەر بنەکە دەبن بە دو جۆرەوە گیرەك و نوسەك. کەواتە سنورێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئەم دوو جۆرە مۆرفێمە(سەربەخۆ و بەند)دا هەیە. بەڵام ئەم سنورە هەمیشە بە نەگۆڕی و تۆکمەیی نامێنێتەوە، ئەو دانە زمانەی کە بە مۆرفێمی سەربەخۆ هەژمارکراوە، مەرج نییە بەردەوام وەك خۆی بەهەمان فۆرم و واتا بمێنێتەوە. ئەمەش زۆرجار پەیوەستە بەڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی ئەم دانە زمانییە. ئەم گۆڕانەش خۆی لە دوو ئاڕاستەدا دەبینێتەوە :

### 1.2.2. بەگیرەکبون Affixicalization:

ئەم جۆرە لە پۆلگۆڕین، لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند(گیرەك)ەکانی زماندا ڕودەدات، کاتێك وشەیەکی سەربەخۆ پۆلی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە هەمان واتاو چەمك دەبێتە گیرەك، پێی دەوترێت بەگیرەك بون. لەم بارەیەوە دەوترێت: (هەندێك لە وشە واتادارەکان کاتێك لە وشەڕۆناندا بەکاردێن، تایبەتمەندی گیرەك وەردەگرن، هەرچەندە پێشتر واتای سەربەخۆیان هەبوە، بەڵام کاتێك لە شوێنی گیرەکی وشەدارێژی زمان بەکاردێن، لەم حاڵەتەدا واتای بنچینە و سەرەتاییان مەبەست نییە، بەڵکو ئەوانە واتا و بارێکی ڕێزمانی نوێ وەردەگرن.)(اسدالله حيراني١٣٨٨: ٥٠) هەندێ جار بە شێوەگیرەك ناودەبرێن. لە زمانی کوردیدا نمونەکانی وەکو (خانە، ێوای، نوێ، گەل....) لەو نمونانەن، کە پێشتر وەك مۆرفێمی سەربەخۆ بەکارهاتون، بەڵام ئێستا سەرباری بەکارهێنانی یەکەمیان، بەکارهێنانی دوەمیشیان وەرگرتوەو بە پرۆسەیەکدا بەرەو بەگیرەك بون دەڕۆن وەك مۆرفێمی بەندیش بەکاردەهێنرێن .

| (مۆرفێمی سەربەخۆ) | (مۆرفێمی بەند) (گیرەك) |
|---|---|
| خانەی خەم | خەمخانە |
| خانەی یەکەم | گرتوخانە |
| خانەی بەساڵاچوان | کتێبخانە |

تەماشای بەکارهێنانی فۆرمی (خانە) بکەین لەم نمونانەی سەرەوەدا، بەهەردو شێوە سیمای (+شوێن)ی لەڕووی واتاییەوە هەڵگرتوە. بەڵام لە هەر بەکارهێنانێکدا بە پۆلێکی جیاواز، ئەمەش پێی دەوترێت پۆلگۆڕین. چونکە لەنێوان هەردو پۆلدایە و بەگیرەك دەبێت . فۆڕمێکی تری زمانی کوردی، کە هەردو بەکارهێنانی مۆرفێمی بەند و سەربەخۆی هەیە، فۆرمی (گەل)ە، بەنمونە :

| (مۆرفێمی سەربەخۆ) | (مۆرفێمی بەند) (گیرەك) |
|---|---|
| گەلی کورد | کورگەل |
| گەلی بەشخوراو | مێگەل |
| گەلی ژێردەستە | گاگەل |

واتای ئەم مۆرفێمە بەهەردو فۆرمی سەربەخۆ و بەند سیمای (+کۆمەڵ) هەڵدەگرێت، هەرچەندە وەك مۆرفێمی سەربەخۆ تایبەتمەندێتی لەگەڵ واتای میللەت وەرگرتوە، بەڵام لە بەکارهێنانی سەربەخۆ و بەندی هەیە، کە ئەمەش دەبێتە پۆلگۆڕین بە هەمان فۆرم و واتاوە، هەرچەندە لە فۆرمە بەگیرەکبوەکەدا چەمکەکەی فراوانتر بوە .

لەهەریەك لەم نمونانەی سەرەوە هەردوو بەکارهێنانی وەك پۆلی سەربەخۆ و پۆلی بەند ئێستایین، هەردوکیان پێکەوە بەکاردێن، بەڵام زۆرجار دەشێ یەکێك لە بەکارهێنانەکان لەکاربکەوێت و نەمێنێت و ببێتە بەکارهێنانێکی مێژویی .

هۆکاری پشت ئەم پۆلگۆڕینە زیاتر پەیوەستە بە گەشەو گۆڕانی زمانەوە، (هەندێ لە وشەکان سەرەڕای واتای بنچینەیی خۆیان واتای دوەمیش وەردەگرن، بە واتای نوێ لە وشەی ناسادەدا بەکاردێن، ئەم جۆرە وشانە ناو دەنێین (شێوەگرەك)، کە دەشێت بەرە بەرە واتای بنچینەیی خۆیان لەدەست بدەن و بە واتایەکی تر، بە شێوەی سەربەخۆ بەکارنەهێنرێن و لەم حاڵەتەشدا دەگۆڕێن بۆ گیرەك.) (ایران کلباسی١٣٨٠: ٢٤–٢٥) بەم پێیەش بێت، پۆلەکە زیاتر لە مۆرفێمی سەربەخۆوە بەرەو مۆرفێمی بەند دەبێت. بۆ نموونە وشەی (ئاوا) بە واتای ئاوەدان، ئاوایی، ئێستا بەکارهێنانی زیاتر وەك مۆرفێمی بەند (گیرەك)ە بۆ دروستکردنی ناوی شوێن و وەك مۆرفێمی سەربەخۆ کەمتر بەکاردێت و هەندێ هاوواتای لەبر بەکاردێت لەوانە: گوند، لادێ، دێ، دێهات. بەڵام وەکو گیرەکی شوێن بۆ دروستکردنی ناوی تایبەتی شوێن زۆر چالاك و بەتوانایە، وەکو: حاجیاوا، تەیراوا، تۆبزاوا........

ئەم گۆڕانەش پێویستی بە ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە، دەشێ لە هەندێ قۆناغدا هەردو بەکارهێنانەکە لە زماندا بەرچاوبکەون، دواتر بەپێی پێویستی زمانەکە و بونی هاوواتا بۆ ئەوەی تریان یەکێکیان زاڵ دەبێت، بۆیە دەتوانین شێوەگیرەکەکان وەکو) دۆخی هێڵی سنوری(border-line cases -یش ناوبنێین. (هەمان سەرچاوە: ٢٥) بەم پێیەش هەر شێوەگیرەکێك تا کاتێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە و دیاردەیەکی دەمکییە. دواتر دەپەڕێتەوە بۆ پۆلە نوێیەکە .

2.2.2.**بەسەربەخۆبون**Debonding: ئەم پرۆسەیە لە دیاردەی پۆلگۆڕیندا ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە پۆلی خۆیان دەگۆڕن بەرەو مۆرفیمی سەربەخۆ دەچن، لای هەندێ لە زمانەوانان بە جۆرێك لە جۆرەکانی بەفەرهەنگیبون هەژمارکراوە، و دەوترێت (باوترین جۆری بەفەرهەنگبونە، کە کاریگەری لەسەر مۆرفیمە بەندەکان، واتە گیرەکە وشەدارێژو گیرەکە وشەگۆڕەکان، یان نوسەکەکان، دادەنێت و لە بەسەربەخۆبوندا مۆرفیمە بەندەکان، دەبن بەسەربەخۆ، ئەم جۆرە پۆلگۆڕینە لە زمانی ئیرلەندیدا زۆر بەرچاودەکەوێت.) (مهرداد نغزگوی کهن۱۳۹۰: ۹٤) پۆلگۆڕین بەم ئاراستەیە لە زمانی کوردیدا، ئەوەندەی کە ئێمە هەستمان پێکردبێت، کەمتر هەست پێکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەکە، کە مەیلی بەرەو ئاسانبونی هەیە، پەیوەندی بە مەسەلەی ئابوریکردنەوە هەیە .

هۆکارێکی تری پەیوەستە بەوەی کە بەسەربەخۆبون بە گۆڕانێکی دو هەنگاوی لێکدەدرێتەوە، واتە مەرج نییە بە تەنها بە گۆڕانێك بگاتە پۆلی نوێ. لایەنێکی تریشی پەیوەستە بەوەی کە زمانی کوردی لەڕووی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەوە زیاتر لە ناو گروپی زمانە لکاوەکاندایە، کە ئەو زمانەن (مۆرفیمە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانیان، هەریەکەیان بە واتای جیاواز پێکەوە دەلکێن و سنوری نێوان بنکە و گیرەکەکان بە تەواوی دیاریکراوە.) (پرویز البرزی ورکی ۱۳۸۱: ۸) ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە زمانە لکاوەکان زیاتر مەیلی بە گیرەکبونیان تێدایە تا بەسەربەخۆبون. سەرباری ئەمانەش دەشێ چەند نمونەیەکی تاکوتەرای ئەم جۆرە پۆلگۆڕینەش هەبێت، بەڵام ئێمە تا ئێستا پەیمان پێنەبردبێت .

## 3.بەشی دووەم: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و ڕێزمانی

چەشنێکی تری جیاکردنەوەی مۆرفیم لەسەر بنەمای ئەو چەمك و واتاییە کە دەیگەیەنێت، و وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی و پێشینەی مۆرفیم دادەنێرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە مۆرفیم دابەش دەبێت بۆ پۆلی فەرهەنگی، و پۆلی ڕێزمانی. (مۆرفیمی فەرهەنگی ئەو مۆرفیمانەن، کە واتایەکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی ئەو مۆرفیمانەن، کە واتای سەربەخۆ و دیاریکراویان نییە، بەڵام ئەرکێکی ڕێزمانی دەگەیەنن. (آزیتا افراشي۱۳۸۸: ٦۸) هەریەك لەم پۆلانەی مۆرفیم، بەشێوەی سەربەخۆ و بەندیش دەردەکەون. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە مۆرفیمە بەندەکانن لەنێویشاندا (گیرەك) .

پۆلگۆڕین لەنێوان ئەم دو پۆلەی مۆرفیمیشدا دەبینرێت، ئەمەش بەپێی پرۆسەیەکی دورو درێژی گۆڕانی زمانی دەبێت، کە هەریەکەیان بۆیان هەیە بچنە پۆلەکەی ترەوە. هەرچەندە ئەمە لەلای زماناسان بە دو دیاردەی بەفەرهەنگیبون lexicalization و بەڕێزمانیبون Grammaticalzationئاماژەی پێداروە. بەڵام ئەمە لەڕاستیدا پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکانە. بەم پێیەش بەفەرهەنگیبون پەڕینەوەی هەر دانەو کەرەستەیەکی ڕێزمانییە بۆ ناو فەرهەنگ و وەرگرتنی سیما فەرهەنگییەکانە. بەپێچەوانەوەشەوە، بەڕێزمانیبون پەڕینەوە دانەیەکی فەرهەنگییە بۆ پۆلی ڕێزمانی و وەرگرتنی سیما ڕێزمانییەکان و لەدەستدانی سیما فەرهەنگییەکانە .

### 1.3. پۆلگۆڕین لە فەرهەنگییەوە بۆ ڕێزمانی (بەڕێزمانیبون):

ئەم دیاردەیە لێکدانەوەی جیاجیای بۆکراوە، تەنانەت هەندێك لە زمانەوانان پەڕینەوەی وشە بۆ مۆرفیمی بەند، واتە دیاردەی بەگیرەکبون Affixicalization یش دەخەنە ئەم چوارچێوەیەوە، یەکە زمانییەکە لە بارە فەرهەنگییەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە و بارێکی ڕێزمانی وەردەگرێت، ئەم دیاردەیە لە زمانناسی بە بەڕێزمانبون–دستورشدگی (Grammaticalization) ناودەبرێت و لە زمانی فارسیدا پێشینەیەکی کۆنی هەیە و دەتوانین بونی پاشگرەکانی وەکو (سرا) بەواتای (خانە، ماڵ) و (گاە) بە واتای (کات و وەخت) بە ئەنجامی ئەم پرۆسەی ئەم دیاردەیە دابنێین. (بهروز محمود۱۳۷۸: ۱۷۸) بەڵام ئەمە ناتوانین کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر کۆی ئەو وشە و نمونانەدا بگشتێنین، کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆوە دەبنە گیرەك، بەڵکو دیاردەکە زیاتر خۆی لە گۆڕینی باری فەرهەنگی بۆ باری ڕێزمانی دەبینێتەوە. بەمەش دەتوانرێت بوترێت، کە (بەڕێزمانیبون دیاردەیەکە لە چوارچێوەی ئەو دانە زمانیانەدا ڕودەدات، کە تایبەتمەندی ڕێزمانی زیاتر بەدەست دەهێنن، ئەم یەکانە لە ڕەوتی بەڕێزمانیبونەدا چەند هەنگاوێکی یەك بەدوا یەکداهاتوی تایبەت دەبڕن، ئەم هەنگاوانە بە هێڵکاری قۆناغەکانی بەڕێزمانیبون ناودەبرێت، قۆناغە لەبەرچاوگیراوەکانی بۆ بەڕێزمانیبون جیهانین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی توێژەران لەسەر ڕیزبەندی تایبەتی بۆ ئەم قۆناغانە کۆکن، باوترین ڕیزبەندی ئاماژەپێکراویش بریتییە لە :

یەکەیەکی فەرهەنگی سەربەخۆ > وشەی ئەرکی > نوسەك > گیرەکی وشەدارێژ> گیرەکی ڕێزمانی) (مهرداد نغزگوی کهن۱۳۹۰: ۸۹) ئەم ڕەوتی پەڕینەوەیە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان لە هەموو زمانێکدا مەرج نییە هەمان قۆناغ ببڕێت، یان تەنانەت لە ناو زمانێکیشدا مەرج نییە هەمو یەکەیەك بەهەمان قۆناغدا بڕاوت. بەڵام هاوبەشی ئەوەیە، کە دەبێت تایبەتمەندی ڕێزمانی زیادبکات، و سیما فەرهەنگییەکانی کەم بکات .

ئەم دیاردەیە بەتەواوی دەچێتە خانەی پۆلگۆڕین، چونکە بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت ئەم سەرو ئەوسەری هێڵکارییە دوو پۆلی جیاوازی مۆرفیمن. بۆیەش دەوترێت بەڕێزمانیبون پەڕینەوەی وشە لەدانەیەکی فەرهەنگی کۆنکرێتەوە بۆ مۆرفیمی ئەبستراکتی ئەرکین، واتە (grammaticalization) دیاردەیەکە، کە سروشتە

هەمەچەشنەکانی گەشەسەندنی زمانی تیادا بەدی دەکرێت. لەم پرۆسەیەدا، وشە لە لێکسیکێکی تاکی فەرهەنگییەوە بۆ مۆرفیمێکی گشتی ئەبستراکتیی ئەرکبین لە سینتاکسدا، دەگۆڕێت. جۆرێك لەو گۆڕانە، پەڕینەوەی وشەی فەرهەنگییە بۆ پریپۆزشن . (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣أ: ١٧١) کەواتە زۆرینەی ئەو مۆرفێمانەی لە فەرهەنگەوە دێنە ڕێزمان بە شێوەی پریپۆزیشن دەروازەی ڕێزمانیان بەسەردا دەکرێتەوە.

لە زمانی کوردیدا چەندین نموونە یەکەی فەرهەنگی ڕەوتی ئەم پۆلگۆڕینەیان تێدا ڕوونکراوەتەوە، لەوانە مۆرفێمی (خۆ) کە دەوترێت، (خۆ) جگەلە کارکردنی لەفەرهەنگدا، دوای پرۆسەی (grammaticalization) واتە دوای بەگراماتیکبونی بە بەشداری کردنی لەسازکردنی پێکهاتەیەکی ئانافۆری (anaphoric) لەتەك کۆمەڵێك کلیتیکدا لە شێوەی (–خۆم، –خۆت، –خۆی، –خۆمان، –خۆتان، –خۆیان)دا چالاکانە لەکاردایە . وەك پارتیکڵیش، جگە لەفۆڕمی (خۆ) بەشێوەی (خۆی)و بەیەکگرتنیشی لەگەڵ پارتیکڵی (دا)دا بەشێوەی (داخۆ > ئاخۆ، داخو)دا، بەرچاو، دەکەوێت. فۆڕمی (خود) دوای بەگراماتیکبوونی پێکەوە لەگەڵ کۆنجێکشنی (–یا–)دا، کۆنجێکشنی لێکدراوی {یاخوت > یاخود > یاخۆ}یان، سازکردووە. بەرامبەر بەو فۆڕمانەی خواروو لە دیالێکتەکانی تردا بەگشتی ئەمانە: (خوە، خە، خۆ، خو، خویێ، خۆڤە، خوێن) لەسەرووداو (خۆ) لە زازاداو (وێ) لەگۆراندا، بەرچاودەکەون.) (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣: ١٢٣) بەم پێیە ئەم مۆرفێمە سەرەتا وەك هەر دانەیەکی تری فەرهەنگی، لە پۆلی مۆرفێمی فەرهەنگیدا بووە و دواتر بەپێی ڕەوتی گەشەکردنی بووە بە مۆرفێمێکی ڕێزمانی وەکو جێناوی خۆی، یان ئامرازی لێکدەری سینتاکسی بەکاردێن، کە هەردوکیان مۆرفێمی ڕێزمانین .

لەسەر مانەوەی واتای فەرهەنگی دوای ئەوەی کە پۆلەکەی بەجێدەهێڵێت، تێڕوانینی جیاواز هەیە، هەندێکیان پێیان وایە بەتەواوی سیما واتاییەکان ون نابن، (واتای فەرهەنگیو دوای بەگراماتیکبونی لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بۆنموونە: واتای (خۆ) بەبەستنەوەی بە پێکهاتەی (خۆ + کلیتیك) لێك دراوەتەوە، کە ئەمە دروست نییە، چونکە (خۆ) لەتەك کلیتیکەکاندا بەگراماتیککراوەو بەهەردو لایان پێکهاتەیەکی ئانافۆرییان سازکردوە، کە ئەرکی لە سینتاکسدا بەهێزکردنو پتەوکردنو زەقکردن لەبەرچاو و کۆنکرێت کردنی زیاتری واتاو چەمکی دیاریکردنو سنووردانانە بۆ ئەو وشانەی کە پێش ئەمان باسکراون، بۆیە بەجێ نییە واتای فەرهەنگی (خۆ) لەچوارچێوەی ئەو ئانافۆریەدا، شیبکرێتەوە.) (هەمان سەرچاوە: ١٢٥)

دیاریکردنی ئەم ڕەوتی گۆڕانکارییانە پێویستی بە شارەزاییەکی وردی زانستی ڕەچەڵەکناسی وشە Etymology وشەوە هەیە، ئەم زانستە (لێکۆڵینەوەیە لە مێژو و بنچینەی وشە، لەگەڵ هەمو ئەو گۆڕانە کتوپڕانەی بەسەریدا دێن، لە ڕەوتی گەشەکردنیدا.) (David Crystal2010: 163)لەبەرئەوەی شرۆڤەکاری ڕەوتی گەشەکردنی وشەیەك پێمان دەڵێت، کە چۆن گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە، هەندێ لەم گۆڕانانەش تەنیا بەسەر فۆرم واتای وشەدا نایەت، بەڵکو پۆلەکەشی دەگۆڕێت. هەندێ جار شارەزابون لەم زانستە قورسە، چونکە پێویستی بە زانینی زمانی مردو هەیە، بەتایبەتیش بۆ زمانی کوردی ئەستەمترە، چونکە بەرهەمێکی وەهامان لە نوسینی کۆن لەبەردەست نەماوە، ناچارین پەنابەینە بەر زمانی فارسی و زمانە ئێرانییەکانی تر. لەبەرئەوەی لە قۆناغێکی مێژوی نەزۆر دوور هاوبەش بوین، بگرە تەنانەت یەك زمانیش بون .

ڕێگەیەکی تر بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکی وشەو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا هاتون بریتیە لە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگە ئیتمۆلۆژییەکان، کە لەڕێگەیانەوە دەتوانین ئەو گەشەو گۆڕانانە بزانین، کە بەسەر هەر وشەیەکدا دێن و لەنێویشیاندا پۆلگۆڕینی وشەو مۆرفێمەکانە. بەنمونە وشەی ئەرکی (چۆن) لە زمانی کوردیدا، کە ئێستا مۆرفێمێکی ڕێزمانییە لە مۆرفێمێکی فەرهەنگییەوە هاتووە(Gên) ی فارسی کۆن، کە وشەکانی (چگونە، چون) و نگون (سرنگون، نگونسار) (زرگون)ی فارسی نوێی لێ سازکراوە، کە لە زمانی ئاڤێستادا (gaona)ڕەنگ و (hamo-gaond) هەمو کەسێك و-ni) (gaonaو دواتر لە پەهلەوی فۆرمەکانی بوە بە (gûn) و (negûn)و (Ali Nourai1378: 146)(.(zargûn) هەریەك لە وشەکانی (چۆن) و (چون– وەکو) ی کوردی ڕەچەڵەکیان بۆ ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە، کە دیارە پێشتر مۆرفێمێکی فەرهەنگی بوە، و دواتر لەبەکارهێنانەکانیدا بەپێی ڕەوتی گەشەکردنی پەڕیتەوە بۆ مۆرفێمێکی ڕێزمانی .

ئەگەر بەوردی لە مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بڕوانین، بیانخەینە بەر تشکی لێکدانەوەیەکی مێژوی ئەوا زۆر نمونەی تری لەم چەشنەمان دەکەونە بەرچاو، بەنمونە وشەیەکی فەرهەنگی دەشێ دانەیەکی سینتاکسی لە چەشنی پریپۆزشنی لێ دروست بوبێت، بە درێژایی ئەو قۆناغە مێژویانەی بڕیویەتی وەکو وشەی (سەر) (لە زمانی کوردیدا، واتای لێکسیکی (سەر) بەگشتی یەکەمجار بە (ئەندامی لەش)و دواتر بە (شوێن)، یا (بەرزی) لێکدراوەتەوەو هەر بەم بیرکردنەوەیەش، ڕوانیویانەتە واتای پریپۆزشنی (سەر) لە ڕاستیدا، هەروەك پێشتر سەلماندمان، یەکەم واتای (سەر) (شوێن)ەو دوەمیان کە لە ئەنجامی فرەواتایی یەکەمەوە هاتۆتە ئاراوە (ئەندامی لەش)ە. وەك دەرکەوتوە، زمانەوانانی کورد لە شیکردنەوەی واتای فەرهەنگیی (سەر)دا، ئامانجیان وەك پێویست نەپێکاوە، ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە، جیاوازییان نەخستۆتە نێوان لێکسیکی (سەر)و مۆرفێمی (سەر)ی بەگراماتیکبوی ئەبستراکتیی، واتە

ئاماژەیان بە پرۆسەی پەڕینەوەی (سەر)ی فەرهەنگی بۆ (سەر)ی ئەبستراكتی سینتاكسیی‌و سروشت‌و جەوهەرو تایبەتێتی دو كەرەسەی جیاوازی زماندا، كە لێكسیكۆلۆژی‌و سینتاكسە، نەكردوە . بەكورتی بەلای پەڕینەوەی لێكسیكی (سەر)و بەگراماتیكبونیدا، نەچوون‌و هەر بەچاوی لێكدانەوەی واتای فەرهەنگی (سەر) كە بەو شێوە نادروستەش، بوە، دەستیان بۆ شیكردنەوەی واتای پریپۆزشنی (سەر)یش، بردوە .

وشەی (سەر) بە یەكێك لە لێكسیمە هەرە بەپێزو بەبەرهەمەكان، كە بەردەوام لە سازكردنی وشەی نوێدا بەهانای فەرهەنگەوە، چووەو (سەر) دوای بەگراماتیكبونیشی بەپێی یەكەم واتای كە (شوێن)ە وەك پریپۆزشن زۆرتر بە بەشداری كردنی لەگەڵ پریپۆزیشنە ئاسان‌و بنەڕەتێكانی ترداو كەمتر بەتەنیاش، چالاكانە لەسازكردنی فرێزە ئەدڤێربەلەیكاندا لەكاردایە.) (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣أ: ١٧١–١٧٢) كەواتە فۆرمی سەرەكی و فەرهەنگی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا (سەر) بوە هەر بە هەمان فۆرمیش بەڕێزمانی بوە و پۆلەكەی خۆی گۆڕیوە، كە لە پریپۆزشنی سادە و لێكدراویشدا دەبینرێت، وەكو: (سەر سنور، لەسەر سنور، لەسەر سنورەوە، بەسەر سنوردا، لەسەر سنور را...) كە لەهەموویاندا وەك مۆرفیمێكی ڕێزمانی بەكاردێت . ئەمانەو چەندین نمونەی ترمان هەن، كە لە فەرهەنگەوە پەڕیونەتەوە بۆ ڕێزمان، بەڵام لەبەر سنورداری توێژینەوەكە ناتوانین نمونەی تر بهێنینەوە .

## 2.3. پۆلگۆڕین لە ڕێزمانییەوە بۆ فەرهەنگی (بەفەرهەنگیبون):

لە ئەنجامی ئەو گەشەو گۆڕانە بەردەوامەی كە بەسەر دانە زمانییەكاندا دێت، هەندێ جار دەشێ، پەڕینەوە لە ڕێزمانەوە بۆ فەرهەنگ ڕوبدات، بەتایبەتی ئەم دیاردەیە لەئەنجامی هاتنەناوەوەی دانەی ڕێزمانی لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر ڕوودەدات، بەجۆرێك كە ئەو دانە زمانییە لە زمانی یەكەمدا لە پۆلی ڕێزمانیدا بوە، بەڵام كە دێتە زمانی دوەم دەچێتە پۆلی فەرهەنگییەوە، بەڵام دەبێت ئەم ڕاستییە بزانین، كە ئەمە تەنها دەروازەیەكی پەڕینەوە نییە لە ڕێزمانەوە بۆ فەرهەنگ، بەڵكو دەشێ دانەكانی ناو خودی زمانێكیش بەر ئەم گۆڕانكارییە بكەون و ئەم پۆلگۆڕینەیان تێدا ڕوبدات. لە زمانی كوردیشدا نمونەی بەفەرهەنگبوی هەردو چەشنەكە بەرچاودەكەوێت . لەهەمبەر زاراوەی بە فەرهنگیبون هەردو وشەی lexicalization-)بەلێكسیكبون ((فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١١٨) و Degrammaticalization-) دستوری زدایی– ناڕێزمانیبون ((مهرداد نغزگوی كهن١٣٩٠: ٩٠) بەرچاودەكەون، كە هەردوكیان زاراوەن بۆ هەمان دیاردە، چونكە وەك دەوترێت (بەفەرهەنگیبون لەسەرەتادا دیاردەیەكی تەواو پێچەوانەی دیاردەی ڕێكخراوتری بەڕێزمانیبون وێنادەكرێت.) (هەمان سەرچاوە: ٩٠)

سیما و پێوەری چەمك و جیاكردنەوەی مۆرفیمەكان لەسەر ئەو بنەمایە پێمان دەڵێت هەمو مۆرفیمێك لەم ڕوانگەیەوە، یان دەبێت فەرهەنگی بێت و واتایەكی فەرهەنگی بگەیەنێت، یان دەبێت ڕێزمانی بێت و چەمك یان ئەركێكی ڕێزمانی پیشان بدات، لەو نێوانەدا زۆر كەمن ئەوانەی كە سەر بە پۆلێك نەبن، یان هەڵگری بەشێك لەسیمای هەردو پۆل بن، بۆ نمونە مۆرفیمی لێكدەر interfix یەكێكە لەو چەشنە مۆرفیمانە كە هەندێ لە سیمای فەرهەنگی و هەندێ لە سیمای ڕێزمانیشی لە هەمان كاتدا تێدا بەدیدەكرێت. دەشێ هەندێ مۆرفیمیش لە پرۆسەی پۆلگۆڕین دا بن و هەست بكەین كە لە پۆلێكدا ساغ نەبوبێتەوە .

بەفەرهەنگیبون بەیەكێك لە ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی هەر زمانێك دادەنرێت، بەجۆرێك هاوشانی داڕشتن و لێكدان و وەرگرتن......هتد دادەنرێت. (بڕوانە: فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١٢٠) هەرچەندە دیاردەی بەڕێزمانیبون بە دیاردەیەكی تەواوتر و كاملتر دادەنرێت، هەر بۆیەش زمانەوانان تا كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم باسیان لەمەحاڵ بونی پێچەوانەكەی دەكرد) .هاوكات لەگەڵ لەلوتكەدابونی توێژینەوەكان لەبارەی بەڕێزمانیبون لە كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم دا، زۆرێك لە زمانەوانان لەو باوەڕەدابون، كە بەڕێزمانیبون دیاردەیەكی یەك لایەنەو تاك ئاڕاستەیە، لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان و گۆڕان بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە نەگونجاوە، بەواتایەكی تر بەڕێزمانبون شایستەی گەڕانەوە نییە، بەڵام زماناس (Christian Lehmann)بۆ یەكەمجار ئەم جوڵە بەحیساب نەگونجاوەی ناونا بەفەرهەنگیبون .(مهرداد نغزگوی كهن٩٣:١٣٩٠) بەم پێیە بێت لەنێو زمانناساندا سەرەتا دیاردەی بەڕێزمانبون و دواتر دیاردەی بەفەرهەنگیبون خراوەتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە. بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێت، ئەوەیە كە هەریەك لەم دوو دیاردەیە وەك یەك لە هەمو زمانێكدا هەستیان پێناكرێت، بگرە لە هەندێ زمانیشدا دەشی یەكێكیان هەر بونی نەبێت .

لە هەمبەر ئەم دیاردەیە جۆر و چەشنی زۆرە، بەڵام گرنگترین ئەو جۆرانەی كە لە زمانی كوردیدا، دەبینرێن، هەندێ دانەی ڕێزمانین، كە دووبارە دەچنەوە ناو فەرهەنگ و بە فەرهەنگ دەبن، (بەفەرهەنگیبون بەكارهێنانی یەك وشەیە لەجیاتی ژمارەیەك وشە.) (محمد علی الخولی٢٠٠٩: ١٥٣) لە نێویشیاندا فرێزی چەسپاو، كە توانای ناونانی هەیە، وەك هەر دانەیەكی فەرهەنگی. هەروەها هەندێك لە گیرەكە ڕێزمانیەكانن، كە لە ئەنجامی گۆڕانكاری و گەشەی زمانییەوە دەبنە گیرەكی فەرهەنگی و پۆلەكەی خۆیان بەجێدەهێڵن سیمایی ڕێزمانی لەدەست دەدەن. بۆیە بۆ هەریەكیان نمونەو ڕونكردنەوەی تایبەت پێویستن .

ڕێگایەك لەو ڕێگایانەی كە فەرهەنگی زمان لە ناوناندا دەیگرێتەبەر، بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی پێكهاتەی سینتاكسی و وشەو ئەو

پێکهاتە زمانیانەی ترە، کە بە پرۆسەی بەلێکسیکبون (lexicalization)یەکسان دەبن بە وشە. گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراوە، کە لە زماندا وەك یەکسان بەتاکە وشە، ئەرك دەبینێت، نمونەی: ڕێگای ئاسنین، قارچکی سپی، ...... بەلێکسیکبوش بەو پێکهاتەیە لە وشە دەوترێت کە ڕۆڵی یەکسان بە وشە، دەبینێت (.(فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١١٨) ئەم چەشنە نمونانە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تر دەبینرێن. بەنمونە :

ڕۆژنامەی ئاوێنە

قەڵای کەرکوك

پردی دەلال

نەخۆشخانەی فێرکاری

باشوری کوردستان

ئاڵای کوردستان

زانکۆی سلێمانی

باخچەی ساوایان ....هتد.

هەریەك لەو نمونانەی سەرەوە دانەیەکی زمانین، بەپێی ئەو پۆلێنەی (نیدا) دەکەونە سەروی وشەوە و لە ڕوی ڕۆنان و پێکهاتنەوە دانەیەکی سینتاکسین، لە دیارخەر و دیارخراو پێکهاتون و هیچ یەکێك لە کەرتەکان ناتوانێت بەتەنیا شوێنی ئەوی تریان بگرێتەوە، بۆیە لەیەکتری جیاناکرێنەوە. بەڵام لەبەرئەوەی لەبەرامبەر هەریەکەیاندا یەك تاکە ناولێنراوە هەیە، دەوترێت (بەواتا کۆمەڵێك وشەن، کە لە شوێنی یەك وشە بەکاردێن یان یەك واتایان هەیە بێ ئەوەی کە ئەم کۆمەڵە وشەیە بەتەنها وەك بەشێکی سەربەخۆی ڕستە هەژماربکرێن.) (فاگمە مدرسی١٣٨٦: ٣٠٣) کەواتە یەکسانن بە وشە و لەدانەیەکی ڕێزمانیەوە گەڕاونەتەوە بۆ ناو فەرهەنگ و بون بە ناولێنەر بۆ کەرەستەکانی دەوروبەرمان، بەم پرۆسەیەش دەوترێت دیاردەی بەفەرهەنگیبون، چونکە هەریەکەیان لەبنەڕەتدا دانەی فەرهەنگی نییە، بەڵام گۆڕان و پێداویستی زمان بەناچاری هێناونیەتەوە ناو فەرهەنگ و کردونی بەیەکەی فەرهەنگی .

بە نمونە ئەگەر بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دیاردەیە گرێی (باخچەی ساوایان) وەربگرین، کە لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی سینتاکسییە، لە دیارخەر و دیارخراو و ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتوە، بەڵام بوە بۆ ناو بۆ تاکە شتێك، واتە یەك ناولێنراو لەبەرامبەریدا هەیە، کە دەشێ لە زمانانی تردا یەك وشەبێت بەنمونە لە فارسیدا (کودکستان)، لە عەرەبیدا (الروضة)، لە ئینگلیزیدا (kindergarten) ئەمەش پێمان دەڵێت، کە ئەو فرێزە یەکسانە بە وشە و دانەیەکی بەفەرهەنگبوە چونکە بەهەردو کەرتەکە بونەتە ناو و جیانابنەوە بۆ هەمان مەبەست، سەرباری ئەوەی لەڕوی ڕۆنانەوە دانەیەکی ڕێزمانییە. تەنانەت لەم نمونەیەدا گیرەکێکی ڕێزمانیشی (–ان) لەگەڵدا بە فەرهەنگ بوە، کە لە بنەڕەتدا گیرەکی ڕێزمانی کۆیە لە زمانی کوردیدا .

جۆرێکی تری پۆلگۆڕین لەنێوان گیرەکەکاندایە، هەردو گیرەکی ڕێزمانی و فەرهەنگی، کە پێشیان دەوترێت وشەگۆڕ و وشەداڕێژ، (ئەم پۆلێنە لەسەر بنەمای ئەو ئەرکەیە، کە دەیبینن جیاکراونەتەوە، گیرەکی ڕێزمانی ئەوانەن، کە وشە بۆ جێگرتن لە ڕۆنانی سیتناکسیدا ئامادەدەکەن، توانای گەردانکردن و گەردانبون، بە وشەکە دەدەن. لەبەرامبەردا ئەم گیرەکانە نە وشەی نوێ سازدەکەن، و نە کەتیگۆری وشەکە دەگۆڕن (أکبر اسماعیل شکوه١٣٨٤: ٧٤) ئەم تایبەتمەندییەو چەندین سیمای تر بۆ ئەم جۆرە مۆرفێمە دیاریکراوە، بەڵام لە ڕەوتی گەشە کردنی زماندا ئەم تایبەتمەندیانە وەك خۆیان نامێننەوە و هەندێ جار سیمای پۆلی بەرامبەر وەردەگرێت و بەمەش توشی پۆلگۆڕین دەبن و بە پرۆسەی بە فەرهەنگیبوندا پۆلەکەیان دەگوازنەوە بۆ ناو گیرەکە فەرهەنگییەکان کە وا دەناسرێن (توانای بەرهەمهێنانیان هەیە، لە ئەنجامی لێکدانیان لەگەڵ مۆرفێمی تری سەربەخۆ یان هەر وشەیەك، وشەیەکی نوێ سازدەکەن، کە بە بەرهەمی ئەم لێکدانە هەژماردەکرێت. لەگەڵ بنکەدا یەك دەگرن و سەربەخۆی خۆیان لەدەست دەدەن بە پێچەوانەی ڕێزمانییەکانەوە.) (اسدالله حیرانی١٣٨٨: ٥٠) زۆرجار دەشێ گیرەکە ڕێزمانییەکانیش وەکو فەرهەنگییەکان ئەرکە ڕێزمانییەکان ون بکەن و ببنە بەشێك لە وشەکە و ڕۆڵی داڕشتنی وشەی نوێ ببینن، کە چەند نموونەیەك لەم ڕووەوە لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون .

گیرەکی (–ان) لە زمانی کوردیدا، بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ وەك چالاکترین گیرەك هەژماردەکرێت(شیروان حوسێن خۆشناو٢٠١٦: ٢٦٨)، زۆربەی ناوەکانی پێ کۆدەکرێتەوە، وەکو :

منداڵان، پیاوان، ژنان، ساڵان، هەژاران، خوێندڤانان، ......

بەڵام ئەم مۆرفێمە لەڕەوتی گەشەکردنی زماندا، سەرباری ئەو ئەرکەشی لە ئێستای زمانی کوردیدا، بەشداری دەکات لە سازکردنی وشەی نوێدا بەتایبەتی لە دروستکردنی ناوی تایبەتی شوێندا، وەکو: گوڵان، پڵنگان، یاخیان، ......

لەم پێکهاتەیەدا سیمای (+شوێن) و (+تایبەت) وەردەگرێت و وشەیەکی نوێ بۆ ناونانی شوێنێکی تایبەت سازدەکات، بەمەش گیرەکەکە لە پۆلی ڕێزمانییەوە دەچێتە پۆلی فەرهەنگی، بە پرۆسەکەش دەوترێت پرۆسەی بەفەرهەنگیبون .

گیرەکێکی تری زمانی کوردی، (–ر)یە، کە لە زۆر زماندا بەکاردەهێنرێت، بۆ دەربڕینی چەمکی نادیاری، (بەکارهێنانی ئەم پاشگرە بۆ کارا بزری لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان بەڵگەیە لەسەر وێکچونی ئەم زمانانە)(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٤: ٣٠٦) لە پۆلی ڕێزمانییەوە چوەتە پۆلی فەرهەنگی گیرەکی (–ر)ی نادیارییە، ئەم گیرەکە بۆ دەربڕینی چەمکی نادیاری یان لاوازکردنی

توانای کردار بەکاردێت، لەگەڵ هەردو کاتی ڕابردو و ڕانەبردوی کرداردا، وەکو :

دروستکرا = دروست دەکرێ

وەرگیرا = وەردەگیرێ

فرۆشرا = دەفرۆشرێ

بنیادنرا = بنیاددەنرێ.......

لە هەریەك لەو نمونانەدا (-ر) گیرەکێکی ڕێزمانییە و چەمکی نادیاری پیشان دەدات. وەلێ سەرباری ئەم ئەرکەشی لە هەندێ نمونەی زمانی کوردیدا پەڕیوەتەوە بۆ پۆلی فەرهەنگی و بوە بەبەشێك لە وشەکە، کە جیاکردنەوە لێی ئەستەمە چونکە وشەکە بۆتە یەکەیەکی فەرهەنگی وەك هەر وشەیەکی تری فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وەکو :

گیران، وەرگیران، کوژران، زیندانی کران،

دەست بەسەرکراو، فڕێنراو........

هەریەك لەمانە وەکو چاوگ (ناوی ڕوداو) و (ناوی کراو) گیرەکی (-ر) بوە بە بەشێکی پێکهێنەر و داڕێژەری وشەکە، کە چەمکە ڕێزمانییەکەی خۆی لەدەست داوە و بۆتە کەرەستەیەکی بەفەرهەنگبو. بەمەش پۆلەکەی خۆیی گۆڕیوە سیما ڕێزمانییەکەی لەدەست داوە .

گیرەکێکی تر، کە ئەم گۆڕانەی تێدا بەدیدەکرێت، پێشگری (بـ-)یە، کە لە بنەڕەتدا گیرەکێکی ڕێزمانییە، بۆ گەیاندنی چەمکی ئەرێ، بەتایبەتی لە دروستکردنی کاری ئەرێی داخوازی و ئەرێی دانانی، بەکاردێت، وەکو :

بنوسە، بخوێنە، بهێنە، بهاتبا، بنوسیبا، بخوێندبا .......

بەڵام بەهەمان چەمکەوە ئەم گیرەکە چۆتەوە ناو فەرهەنگ بوە بە گیرەکێکی فەرهەنگی، کە بۆ دروستکردنی واتای ئەرێنییە، سەرباری ئەمەش چەند واتای تری هەیە، کە لە هەمویاندا لە پۆلی فەرهەنگیی دایە، وەکو :

بکەر، بخۆر، بکوژ، ........

لە هەریەکێك لەو نمونانەی سەرەوە (بـ-) وەك گیرەکێکی فەرهەنگی، ئاوڵناوی بکەری داڕشتوە، ئەو گۆڕانەی کە بەسەر ئەم مۆرفیمە داهاتوە لە ڕێزمانییەوە بوە بە فەرهەنگی. چەمکە ڕێزمانییەکە لە واتا فەرهەنگییەکە کۆنترە بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو وشە فەرهەنگییانەی کە دروستی کردون، زۆربان زاراوەی نوێن و درەنگتر هاتونەتە ناو فەرهەنگی زمانەوە .

گیرەکێکی تر، کە ئەم ئاڕاستەیەی گۆڕانی وەرگرتوە، گیرەکی ڕێزمانی (نە-)یە، کە ئەم گیرەکە لەبنەڕەتدا بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی ڕێزمانییە و لە نێو هەمو جۆرەکاندا چالاکترینیان، چونکە توانای هەیە کرداری شێواز جیاجیا بکات بەنەرێ، وەکو :

نەهات، نەنوسی، نەهێنا، نەخوێندەوە....

نەچێت، نەنوسێت، نەخوێنێتەوە، نەبینێتەوە......

نەڕۆی، نەنوسی، نەهێنی......

لە هەریەك لەو نمونانەی سەرەوەدا، ئەم گیرەکە چەمکی کارەکە دەکات بە نەرێ و لەڕوی ڕێزمانییەوە پێدەڵێن ناکردن. بەڵام ئەم گیرەکە بە هەمان چەمکی ڕێزمانی چۆتەوە ناو فەرهەنگ و بە فەرهەنگبوە، بۆ داڕشتنی وشەی نوێ دەبێتە بەشێك لە وشەکە، وەکو :

نەزان، نەگۆڕ، نەخۆش، نەزۆك، ......

لە هەریەك لەم نمونانەی سەرەوەدا، گیرەکی (نە-) کەرەستەیەکی بەفەرهەنگبوی زمانی کوردییە، چونکە بەشداری کردوە لە ڕۆنانی وشەیەکی نوێ و بۆتە بەشێکی پێکهێنەری وشەکە و چۆتە ناو پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکەوە. بەمەش گیرەکەکە لە پۆلی ڕێزمانییەوە پەڕیوەتەوە بۆ پۆلی فەرهەنگی .

ئەم دیاردەیە لە گیرەکی (نا-) نەرێشدا دەبینرێت، بەڵام لەبەر لەیەکچونی زۆری لەگەڵ گیرەکی (نە-) و سنورداری توێژینەوەکە هەڵوەستەی لەسەر ناکەین، تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە ئەمەیش نموونەیەکی تری کەرەستە بەفەرهەنگبوەکانن لە زمانی کوردیدا .

هەندێ کەرەستەی تری بە فەرهەنگبو لە زمانی کوردیدا، ئەو دانە زمانییانەن، کە لە زمانی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، لە زمانی یەکەمدا لە پۆلی ڕێزمانیدا بون، بەڵام کە هاتونەتە زمانی کوردییەوە بونەتە بەشێك لە پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکە، (زیادبونی توانای ڕێزمانی هەر زمانێك وابەستەیە بە دو هۆکار یەکەمیان وەرگرتن لە زمانی ترەوە. دوەمیان بەڕێزمانیبون لە وەرگرتن لە زمانی ترەوە ڕاستەوخۆ گیرەکە ڕێزمانییەکان دێنە ناو زمانەکەوە.) (مهرداد نغزگوی کهن١٣٩٠: ٩٣) بەڵام مەرج نییە، ئەو گیرەکە ڕێزمانییە بەهەمان چەمکی زمانی یەکەم بمێنتەوە .

گیرەکی (-ات) (ئەم گیرەکە لەبنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیەوە هاتووە، بەڵام لەگەڵ وشە عەرەبی و ناعەرەبییەکانیش دەتوانێت هەمان چەمك بدات.) (خسرو غلامعلی زادە، يداله فيچى پيرانى١٣٩٠: ٧٠) ئەم گیرەکە هاتۆتە ناو زمانی کوردیشەوە بەڵام خەریکە بە پرۆسەی بەفەرهەنگبوندا دەڕوات، سیما ڕێزمانییەکانی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێك لە ڕۆنانی فەرهەنگی وشەکە. وەکو :

باخات، خەیاڵات، حەیوانات، عێلات.......

لە هەریەکێك لەو نمونانەی سەرەوەدا گیرەکی (-ات)، کە لەبنەڕەتدا گیرەکی ڕێزمانییە و هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە وردە وردە خەریکە سیما ڕێزمانییەکانی لەدەست دەدات و بەرەو گیرەکێکی فەرهەنگی دەکشێت، بەبەڵگەی ئەوەی چۆتە ناو ڕۆنانی فەرهەنگی وشەکانەوە و دەشێت دوبارە بەمۆرفیمی کۆی زمانی کوردی (-ان) کۆبکرێنەوە، وەکو :

خەیاڵاتەکانم، عێلاتەکانی کوردستان، باخاتەکانی خۆشناوەتی....

ئەمەش پێمان دەڵێت ئەم گیرەکە بە پرۆسەی بەفەرهەنگیبوندا تێدەپەڕێت، سیما ڕێزمانی لەدەست دەدات .

ئەم گیرەکە کە هاتۆتە ناو زمانی کوردی چەند ئەلۆمۆرفێکی تری لێکەوتۆتەوە، ئەویش زیاتر هۆکاری فۆنۆلۆژی لێی بەرپرسە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە، ئەلۆمۆرفەکانیش بە هەمان پرۆسەی بەفەرهەنگیبوندا دەڕۆن. وەکو :

(–هات): دێهات

(–جات): میوەجات

(–وات): شوشەوات

ئەم ئەلۆمۆرفانەش لەئەنجامی گەشەو گۆڕانی زمانەوە، وردە وردە دەچنە ناوپێکهاتەی فەرهەنگی بنەکەکانیانەوە، سیما ڕێزمانییەکانیان لەدەست دەدەن و بۆ گەیاندنی چەمکی ڕێزمانی کۆ گیرەکی (–ان) دەچێتە سەر وشەکان بەگیرەکەوە و پێکەوە هەردوکیان دەبنە بنکە بۆ گیرەکە ڕێزمانییە نوێیەکە، وەکو: دێهاتەکان، میوەجاتەکان، شوشەواتەکان

هەریەك لەو نمونانەی باسکران، بەلگەن بۆ پرۆسەی بە فەرهەنگیبون لە زمانی کوردیدا، ئەگەر بەپێی میتۆدی مێژویی شرۆڤەو شیکاریکی ورد بو گیرەکەکانی زمانەکەمان بکەین دەشێ چەند نمویەکی تری هاوشێوە ببینین .

## 4. ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتوین، کە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕو :

١ -پۆلگۆڕین دیاردەیەکی زمانیی گشتییە و لە زۆربەی زمانەکان هەست بە بونی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی هەر زمانێك تایبەتمەندی و سیمای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیە مەرج نییە هەمو جۆرەکانی پۆلگۆڕین لە هەموو زمانێکدا وەك یەك بن. بەڵام باسکردنی وەکو دیاردەیەکی زمانناسی لە ڕوی تیۆرییەوە نوێیە .

٢ -پۆلگۆڕین، جێهێشتن و پەڕینەوەیە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، کە زیاتر پەیوەستە بەڕەوتی گەشەکردنی زمان و نوێبونەوەی فەرهەنگ و وشەنامەی هەر زمانێك و گەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە ڕێزمانییەکان. ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ لە زماندا ڕودەدات .

٣ -هەریەك لە دیاردەکانی بەگیرەکبون و بەسەربەخۆبون، دو ئاراستەی پۆلگۆڕینن، لە چوارچێوەی مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند دا، کە پەیوەسات بە سروشتی دەرکەوتنی مۆرفێمەکانەوە، ڕودەدەن. لەلایەکی تریشەوە بەڕێزمانیبون و بە فەرهەنگیبون دو ئاراستەی تری پۆلگۆڕینن لە چوارچێوەی چەمکی مۆرفێمەکاندا ڕودەدات، بەوەی کە سیمای ڕێزمانی زیادبێت و سیمای فەرهەنگی کەم بێت پێی دەوترێت، بەڕێزمانیبون. بەپێچەوانەشەوە بەفەرهەنگیبون کەم بونەوەی سیمای ڕێزمانی و زیادبونی سیمای فەرهەنگییە .

٤ -لە زمانی کوردیدا بەپلەی یەکەم دیاردەی بەفەرهەنگیبون و دواتر بەڕێزمانیبون دەبینرێن، کە هەردوکیان دەچنە چوارچێوەی پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی چەمکەوە. لە پلەی سێیەمدا بەگیرەکبون دەبینرێت، بەڵام بەکەمترین شێوە هەست بە سەربەخۆبون دەکرێت .

٥ -لەمرۆی زمانی کوردیدا، هەندێك لە مۆرفێمەکان سەرباری ئەوەی کە سیمای پۆلی بەرامبەریان وەرگرتوە، بەڵام بەتەواوی سیمای پۆلی خۆیان لەدەست نەداوە. بەواتایەکی تر لە پرۆسەی پۆلگۆڕین دان، تا ئێستا نەگەیشتوە بە پۆلی بەرامبەر .

٦ -وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی یەکە زمانییەکان لە نێوان زمانەکاندا، یەکێکە هۆکارەکانی پۆلگۆڕین. لە زمانی کوردیشدا ئەم هۆکارە کاریگەرییەی بەرچاوی هەیە لە گواستنەوەی دانەیەك لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، بەتایبەت بە ئاراستەی بەفەرهەنگیبوندا .

## 5. سەرچاوەکان

### 1.5. بە زمانی کوردی:

ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، لەگەڵ دوو پاشکۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی .

شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦) توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر .

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣) ڕەگ و ڕیشەی مۆرفێمی (خۆ) و ئەرکی لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٣٨) کانونی دووەمی ٢٠١٣ .

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣أ) پێزو بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٣.

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣ب) جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٤٣) کانونی دووەمی ٢٠١٣.

محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، سوید .

محمد مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢٤)، هەولێر .

### 2.5. بە زمانی فارسی :

اسداللة حيراني(١٣٨٨) ساختمان واژه، مجلة آموزش زبان و ادب فارسي، دورەی بيست و دوم، شمارة (٤) .

اكبر اسماعيل شكوة(١٣٨٤) وندهاي تصريفي و اشتقاقي زبان فارسي، مجلة آموزش زبان و ادب فارسي، شمارة (٧٤)،

ايران كلباسي(١٣٨٠) ساخت اشتقاقي واژه در فارسي امروز، چاپ دوم، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنطي، تهران .

بهروز محمود(١٣٧٨)، تكواژ (خانة) و عملكرد معنايي آن در ساخت واژه زبان فارسي، فصلنامة زبان و ادب، شماره(٩و١٠) .

پرويز البرزي وركي (١٣٨١) ردەشناسى ساخت واژى، مجلة پژوهش زبانهاي خاريجي، شمارة (١٢) بهارو تابستان .

خسرو غلامعلي زادة، يدالة فيضي پيرانى(١٣٩٠) بررسي لايةها و سطوح واژگانى در وندهاي زبان فارسي از نطاه صرف واذطاني، مجلة پژوهشهاى زبانشناسي، سال سوم، شمارة دوم، پاييز و زمستان .

علاءالدين طباطبائي(١٣٧٦)، فعل بسيط فارسي و واژەسازى، ويراستة: اميد طبيب زاد، چاپ اول، مركز نشر دانشگاهى، تهران .

فاطمة مدرسي(١٣٨٦)، از واج تاجملة، فرهنگ زبانشناسي – دستوري، چاپ اول، انتشارات چاپار، تهران.

مهرداد نغزگوى كهن(١٣٩٠)، مقايسة دستوري شدطي و دستوري زادي در فارسي كنوني، مجلة زبانشناسي و گويش هاي خراساني، دانشگاه فردوسي مشهد(علمى– پژوهشى)، شماره پياپى ٤ بهارو تابستان .

مهري باقري(١٣٨٠)، واج شناسي تاريخي زبان فارسي، چاپ اول، نشرة قطرة، تهران .

ويدا شقاقي (١٣٨٠) مباني صرف، چاپ دوم، سازمان مطالعة تدوين كتب علوم انساني دانشگاهها(سمت)، تهران .

### 3.5. بە زمانى عەرەبى:

احمد مختار عمر(١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و توزيع، الطبعة الاولي، كويت .

محمد علي الخولي(٢٠٠٩) معجم علم اللغة النظري (انكليزي– عربي) مع مسرد عربي– انكليزي، طبعة جديدة، مكتبة لبنان، لبنان .

### 4.5. بە زمانى ئينگليزى :

Ali Nourai (1378), An Etymological Dictionary of Persian, English and other Indo-European Languages, Tahran.

David Crystal(2010) A little book of language, First published by Yale university press, Australla.

## التبادل الصنفي للمورفيمات في اللغة الكردية

**الملخص:**

هذا البحث المعنوَن بـ(التبادل الصنفي للمورفيمات في اللغة الكوردية) محاولة لتعريف هذه الظاهرة وتحليلها في اللغة الكوردية، والظاهرة عبارة عن العبور والتحول من أحد أصناف المورفيمات إلي آخر، وقد أجريت الدراسة حسب منهج وصفي–تأريخي من مناهج البحث العلمي . واقتضت طبيعة البحث تقسيمه إلي قسمين اثنين، ففي الأول نتعرّف علي ظاهرة التبادل الصنفي من ناحية، وتبادل المورفيم الحر والمورفيم المقيد من ناحية أخري، من حيث أنهما يظهران خلال ظاهرتي اضافة الزوائد (affixicalization) و استقلال المورفيم. وأما القسم قد خُصّص لتناول التبادل الصنفي بين المورفيم المعجمي والمورفيم الاشتقاقي من خلال تعابير المفردات (lexicalization) والتقعيد اللغوي (grammaticalization)، وذلك مع عرض الأمثلة والدلائل الكافية لكل واحدة من الظواهر. وأخيرا جاء أهم الاستنتاجات الّتي توصل إليها الباحث، مع ذكر قائمة المصادر إضافة إلي خلاصة الدراسة بلغتي العربية والإنجليزية.

**الكلمات الدالة**: تبديل الصنفي، تعبير مفرداتي، قعودة، اضافة الزوائد، استقلال المورفيم.

## The Morpheme Class-Changing in Kurdish Language

**Abstract:**

The research, which is entitled “the morpheme class-changing in Kurdish language”, attempts to define and analyze the phenomenon of morpheme class-changing in Kurdish language. The phenomenon is to alter and leave the word class for another which is done via the descriptive diachronic method. The paper is divided into two parts. In the first part, the phenomenon of class-changing was defined and its presence between both free and bound morphemes which are represented in the two morphological processes of affixicalization and debounding were attended.

The second part is devoted to present the lexical and grammatical morphemes within the frame of both phenomena of lexicalization and grammaticalization providing sufficient example and evidence for both. At the end, the main conclusions, list of references and the research abstract in Arabic and English languages were presented.

**Keyword:** Class-Change, Lexicalization, Grammaticalization, Officialization, E-Bonding.